# بڕیاری ئیعدامکردنی سەدام حوسێن:گاڵتەجاڕیەکە بە عەدالەت

ن : جەیمس کۆگان
و : یوسف بەکر

بڕیاری ئیعدامکردنی سەدام حسین و سێ لە گەورە بەرپرسانی ڕژێمەکەی کە دوێنی ڕاگەیاندرا بەرهەمی دادگاکەیەکی کارتۆنییە کە لە بناغەدا بەشوێن ئامانجێکی سیاسیەوە تاوتوێ کراوە. لە کاتێکدا کە ڕۆژانە ژمارەیەکی بێ وێنە لە تاوان لەدژی خەلکی عێراقدا ئەنجام ئەدرێت لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە ، ئەو دادگایە کە ئەندامەکانی بەدیاریکراوی هەلبژێردرابوون بڕیاریدا کە دیکتاتۆری پێشووی عێراق شایەنی کوشتنە.تەنانەت کاتی ڕاگایاندنی بڕیارەکەش بەشێکە لە هەولێکی ئاشکرا بۆ کۆمەکی کردن بە پارتی (جمهوری) لە هەلبژاردنەکانی کۆنگرێسدا کە ڕۆژی سێ شەممەی داهاتوودا ئەنجام ئەدرێت. کۆمەکیەکە لە ڕێگای ئەووەوەیە کە پارتی جمهوری ئەتوانێ ئەم بڕیارە بەوێنەی سەرکەوتنێکی یاسایی گەورە نیشان بدات و ببێتە مایەی هەلخراندنی هێزە جەماوەریە ڕاست ڕەوەکانی.

سەدام حسێن و سەرکردەکانی پارتی بەعس لە عێراق پێویستە دادگایی بکرێن لە بەرانبەر ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەل ئەنجامیانیان داوە.بەلام ، ئیدارەی جۆرج بۆش و تەواوی چینی دەسەلاتدار لە ئەمەریکا مافی ئەوەیان نییە سەرپەرشتی دادگایی هیچ کەس بکەن کە بە تاوانی گەورەی دژی مرۆڤایەتی لە عێراقدا دادگایی دەکرێت . چونکە ئەو هێرشەی کە کردیان لە سالی 2003 بۆ سەر عێراق خۆی تاوانێکی گەورەی دژی مرۆڤایەتیە.تاوانی داگیرکردنی عێراق نەک تەنها تاوانێکە کە بناماکانی لە سەر درۆ دارێژراوە, بەلکو بۆ خۆی پێشێلکردنێکی ڕاستەوخۆی یاسا نێو نەتەوەییەکانە.



لەماوەی سێ سال و نیوی ڕابردوودا ، هێزە داگیرکەرە ئەمەریکیەکان بەبەردەوامی لە هەولی ئەوەنە کە خەلکی عێراق بخەنە ژێر کۆنترۆلی خۆیان لە ڕێگای کوشتاری بە کۆمەل و ئەشکەنجە و وێرانکردنی شارەکان.

بەپێی لێکۆلینەوەیەک کە لەلایەن زانکۆی جۆن هۆبکیترەوە ئەنجام دراوە –کە تاکە لێکۆلینەوەیەکی زانستیانەیە سەبارەت بە ڕێژەی تەلافات کە بەهۆی شەر و داگیرکردنەوە ئەنجام دراوە–نیشانی دەدات کە حکومەتی ئەمەریکا بەرپرسیارە لە کوژرانی 655 هەزار عێراقی.بەر لەوەش نزیکەی یەک ملیون کەس بوو بە قوربانی ئابلوقەی ئابووری کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەپاندیان بەسەر عێراق لە ماوەی سالانی 1991–2003 بەهۆی کەمی خواردن و نەخۆشییەوە.

هەروەک چاوەڕوان ئەکرا ، ئەو میدیایانەی کە لایەنگری شەڕن جەختیان خستۆتە سەر هەوالی خۆشی و شادمانی کوردو شیعە بەم بۆنەیەوە. بەلام لە ڕاستیدا تاکو ئەو کاتەی ئەو تاکە کەسانەی کە لە واشنتون و لەندەن و شوێنەکانی ترەوەن وە بەر پرسیارن بەرانبەر بەو جینایەتانەی کە کراوە دەرهەق بە خەلکی عێراق دادگایی نەکرێن و داگیرکردن کۆتایی نەیێت هیچ پێوانەیەک بۆ عەدالەت نی یە لەم وولاتە.

ئەم لێکدانەوەیە بەتایبەت پشت ئەستورە بەو ڕاستییە حاشا هەلنەگرە کە تەواوی ئەو تاوانانەی کە سەدام حسێن و پارتی بەعس ئەنجامیان داوە –هەر لە کوشتنی هەزاران لە کۆمۆنیستەکان و چەپەکان لە سالانی 1963و

1979 دواتریش هەولدان بۆ سەرکووتی خوێناوی شیعە توندرەوەکان و ناسیونالستی کوردەکان لە سالانی هەشتاکان – بە کۆمەکی راستەوخۆی ماددی و مەعنەوی ئەمریکاوە بەرێوەچووە.

تەنانەت هێرش بۆ سەر ناحیەی دوجەیل لە سالی 1982 و ئیعدامکردنی 148 کەس لە خەلکی ئەو شارۆچکەیە کە هۆی سەرەکییە بۆ ئیعدامکردنی سەدام حوسێن بەشێک بوو لە حەملەیەک لەلایەن رژێمەوە بەئەنجام گەیاندرا بەهۆی شکستی سەربازی لە بەرەکانی شەر لەگەل ئێران .ئەمەریکا لەم شەرە پشتیوانی لە عێراق دەکرد.بەمەستی پاشەکشە پێ کردنی شۆرشی ئێران و نیگەرانی لەخەتەری ئێران بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست. ئەمەریکا نەک تەنها کۆمەکی بە عێراق ئەکرد لە ماوەی هەشت سالی شەردا بەلکو هانیشی ئەدا کە هێرش بکاتە سەر ئێران. لە دوا ئەنجامدا نزیکەی یەک ملیون عێراقی و ئێرانی بوون بە قوربانی ئەو شەرە.



Saddam Hussein greets Donald Rumsfeld, special envoy of President Ronald Reagan, in Baghdad, December 20, 1983.

لەنێوان کارەساتەکانی ئەو شەرە حەملەی (ئەنفال)بوو کە لە ئێستادا سەدام حوسێن دادگایی دەکرێت لەدادگایەکی جیاوازدا بە تاوانی سەرپەرشتکردنی ئەو حەملەیە.ئامانجی ئەو حەملەیە ئەوەبو کە بزووتنەوەی کوردی سەرکووت بکرێت.هەروەها ئیدارەی یەکەمی جۆرج بۆش بریاری دا کە هێزەکانی ئەمەریکا هیچ رۆلێک نەگێرن بۆ راوەستانی سەرکووتی خوێناوی راپەرینی کوردەکان و شیعەکان کە لە بەهاری 1991 دوابەدوای شەری کەنداو هەلگیرسا.

هەر دادگایەکی راستەقینەبێ ناچارە نەخشی ئەمەریکا و زلهێزەکانی تر لە کۆمەکی بەو تاوانانەی رژێمی بەعس ئەنجامیان داوە نیشان دەدات.ئەو شانۆگەریەی کە لێرەدا بەرێوەچوو رێ ی لەوە گرت کە ئەو راستیانە سەرەوە دەرکەوێت.لە میانی ئەو دادگایەدا رێگا نەدرا هیچ بەلگەنامەیەک بخرێتە روو کە تیشک دەخاتە سەر ئەم پەیوەندیانە.تەنها چەند بەلگەیەکی دیاریکراو و هەلبژێردراو خرایە بەردەم دادگا کە تایبەتە بە کارەساتی دوجەیل.تەنانەت گواستنەوەی راستەوخۆی تەلەفزیۆنی بریاری ئیعدامکردنەکەش بیست دەقیقە دواخرا بەمەبەستی سانسۆرکردنی هەر هەنگاوێک کە زیان بە ستراتیژی ئەمەریکا بگەینێت.

تەواوی پرۆسەی ئەم دادگایە کارتۆنییە زۆر بێ ئابروویانەیە.دادگای بالای عێراق بە پێی بریارێک دامەزرا لە سالی 2003 دا ، کە لەلایەن حاکمی ئەو کاتەی عێراق پۆل برێمەرەوە ئیمزا کرابوو.کاربەدەستانی ئەمەریکا تاک تاکی قازیەکانیان هەلبژارد و رێنوێنیان دەکرد.رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ لە بابەت ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆنال و رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بە بەردەوامی سەربەخۆیی ئەو دادگایەیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە.تەنانەت لە چەندین دانیشتندا دادگاکە بەرێوەچوو بێ ئەوەی تاوانبار لە دادگاکە بێت ، یاخود پارێزەرەکە رێگای پێ درابێ بەرگری لە تاوانبار بکات.

لە مانگی کانوونی دووەمی رابردوودا سەرۆکی دادگاکە ناچار کرا ئیستقالە بدات بەهۆی بەردەمی فشاری ئەمەریکا و حکومەتی عێراقی بۆ سەر دادگاکە کە رێگا لە سەدام ناگرێت چیتر سەربەخۆیی دادگاکە نەخاتە ژێر پرسیارەوە . جیا لەوەش سێ دادپەروەر کە بەرگریان لە تاوانبار ئەکرد کوژران و زمارەیەکی تریش ناچار کران وولات جێ بهێلن.گروپی تایبەتی کوشتنی سەر بە شیعە توندرەوەکان زیاتر مەزەندە ئەکرێت بەرپرسیاربن بە تاوانی کوشتن و راونانی دادپەروەرەکان.

بالیۆزی ئەمەریکی لە بەغدا زالمای خەلیلزادە دوێنێ خۆشحالی خۆی راگەیاند بەم بریارە ، رایگەیاند کە ئەم بریارە ئەتوانێ ببێ بە بەردی بناغەی دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازاد کە لە سەر بناغەی یاسا کار بکات.سەرۆکی ئەمەریکاش جۆرج بۆش رایگەیاند کە ئەم بریارە بناغەیەکە بۆ گۆرینی کۆمەلگای عێراق لە سەر بناغەی دیکتاتۆریەتەوە بۆ دەولەتی یاسا.

دوو روویی لەم لێدوانانە بێ وێنەیە.چەندین راپۆرت کە لە میدیا بلاوبوەوە لەم ماوەی دووایيدا نیشانی دا کە بەرپرسیارانی ئەمەریکا لە بابەت خەلیلزادە بە گەرمی سەرقالی ئەوەن کە کودەتایەکی سەربازی بەرێ بخەن لە دژی حکومەتی شیعەی " نوری مالیکی " و گۆرینی بە حکومەتێکی سەربازی.لە ئێستادا ژمارەیەکی زیاتر لە دیموکراتەکان و جمهوریەکان لەو باوەرە دان کە تەنها حکومەتێکی سەربازی ئەتوانێ بە باشترین شێوە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە عێراق بپارێزێت.

تەنانەت ئەگەر سەدام ئیعدام بکرێت ، ئەمەریکیەکان هەر درێژە بە هەوڵەکانیان دەدەن بۆ گێرانەوەی کۆنە بەعسییە درندەکان بۆ ناو حکومەت لە بەرانبەر ئەوەی کۆتایی بەهێرشیان بهێنن بۆ سەریان و رێگا والا بکەن بە کۆمپانیا ئەمەریکیەکان کە نەوتی وولات کۆنترۆل بکەن.شیعەکان وە بە تایبەت خەلکی ناوجەی سەدر کە دوێنێ شادی خۆیان دەربری بە بریاری ئیعدامکردنەکە بێ گومان ئەبنە یەکەمین قوربانی هاتنەوە سەرکاری دووبارەی کۆنە بەعسیەکان بۆ سەر کورسی دەسەلات.

**نۆڤەمبەری 6, 06**

دەقی ئەم ووتارە بە زمانی ئینگلیزی لەم سایتە وەرگیراوە :-

http://www.wsws.org/articles/2006/nov2006/huss-n06.shtml